**ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن**

## هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتایدی جینسی
## لە گرەوی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دینیدایە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە نێو سیستەمە سیاسییەکانی جیهاندا پلەی یەکەمی دژایەتی لە گەڵ ژنانی داگیرکردوە، لەبیست وچوارەمین ساڵی تەمەنی خۆیدایە. بزووتنەوە و خەبات بۆ دیمۆکراسی و ئازادی لە ئێران هەروا لە حاڵی پەرەگرتندایە و بەرەوپێشەوەدەڕوا. لە ساڵی ڕابوردوودا ئەم بزووتنەوەیە هەنگاوی گەورە و هیوابەخشی بۆ دەربازکردنی خۆی لە سنوورە تەسک و پشووبڕەکانی ڕیفۆرمخوازیی دەوڵەتی هەڵگرتوە. بایکۆتکردنی ئاشکرای هەڵبژاردنی شووراکانی شار لە لایەن جەماوەرەوە یەکێک لە نموونە هەرە ئاشکراکانی پشتهەلکردنی جەماوەر لە ڕابەران و ئیدئۆلۆگەکانی ڕیفۆرمخوازیی دەوڵەتی و نیشانەی بێ بڕوایی ئاشکراتری جەماوەر بەرانبەر بە ئیمکانی پێکهاتنێ ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی سیستەمی دینی ـسیاسیی ئێستای ئێراندا بوو.

ئەم هەل ومەرجە نەک هەر بۆ سەرجەمی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران گرنگە و دەبێ بایەخی پێبدرێ و بە وردی بدرێتە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵکوو بە تایبەت بۆ بزووتنەوەی ژنان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و مافی یەکسان و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی، بایەخێکی زۆری هەیە. بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنانی ئێران پەیوەندێکی پتەوی هەیە لە گەڵ ڕادەی گەشەکردنی سێکولاریزم و سەرەنجام وەلانانی دین لە هەموو بوارەکانی یاسادانان لە ئاستی کۆمەڵدا. گەرچی ئەم ڕاستییە مسۆگەرە نابێ لە بیر بەرینەوە کە ڕەگ و ڕیشەی بێمافییەکانی ژن لەو دەسەڵاتە چینایەتییەدایە کە بەسەرکۆمەڵگادا زاڵە و، ڕزگاربوونی ئەم نیوەیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە گرەوی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە نەزمی قازانجپەرستانەی سەرمایەداریدایە، بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەوەش، پێویستە ئەو ڕاستییە ئاشکرایەش فەرامۆش نەکرێ کە هەر لە ناو ئەم موناسەباتەشدا ژنان لە بەدەستهێنانی مافەکانیاندا پێشکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە. لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا ئەم پێشکەوتنانە پەیوەندی

ڕاستەوخۆیان بووە لە گەڵ کشانەوەی دین لە سنوورەکانی یاسادانان و ژیانی مەدەنی و، لە ئێرانیش بێگومان هەروا دەبێ. ناسینی ئەم ڕاستییانە، دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنانی وشیار و پێشڕەوی کۆمەڵگای ئێمە، خەباتی لێبڕاوانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سێکۆلار و جیابوونەوەی هەمەلایەنەی دین لە دەوڵەت بە مەرجێکی هەرە سەرەکی بەدیهاتنی ئازادییەکانی خۆیان بزانن. ئەگەر ٥ ساڵ لەوە پێش، ئەوە بە تایبەت ژنانی لاوی شارنشینی ئێران بوون کە بە دەنگدانی خۆیان ناڕەزایەتیی ئاشکرای خۆیانیان لە کەللەوشکترین و دەمارگرژترین پیاوانی ئایینیی دەسەڵاتدار نیشان دا، لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەکەشدا ژنانی ئازادیخوازی ئێران دەبنە پێشەنگی پشتهەڵکردن لە ڕیفۆرمخوازیی درۆیینە و فریوکارانەی دەوڵەتی و تێپەڕاندنی بزووتنەوەکە لەو سنوورە تەسکانە.

ئەزموونی نەسلی ئێستای ژنانی ئێران خۆی تا ڕادەیەکی زۆر زەمینەی بۆ وەئەستۆگرتنی دەوری پێشەنگ خۆش کردوە. دەسەڵاتی سەرەڕۆی دینیی کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا بە چەکی پارێزگاری لە ئەخلاقەوە هاتە مەیدان. ئەوەی هەموو خەڵکی ئێران و بە تایبەت ژنان لەم ماوەیەدا بە چاوی خۆیان دیتیان بریتی بوو لە: پەرەگرتنی بێ وێنەی لەشفرۆشی، دەسدرێژی بۆ سەرژنان، ئاوارەیی و بێ پەنایی کچانی کەم تەمەن و، فەساد و گەندەڵیی پیاوانی دین و دەسەڵاتی دینی. ئەنجامی ئەم وەزعەش بووەتە دارمانی ڕۆحی و ئەخلاقی، کە بە شێوەیەکی بەرین و ماڵوێرانکەر کۆمەڵگای ئێرانی داگرتووە و بە تایبەت لاوان لە نێو چنگی خۆیدا دەگوشێ.

هەوڵی پڕ بایەخی ژنانی ئێران سەرەڕای هەموو ئەو دژواری وکۆسپە حقووقی و کۆمەڵایەتییانە کە لە سەر ڕێگای خەباتیان بوون و، هەروەها سەرکەوتنی بەرچاویان لە گەلێک بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئێران نیشانەی توانایی و وزەیەکی یەکجار زۆرە کە هەرکات بە بزووتنەوەیەکی سازماندراو بێتە مەیدان، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەخاتە لەرزە.

بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانیش گەرچی لە گەڵ کۆمەڵێک کۆسپ بەرەوڕووە کە لە دۆخی سیاسی و لەو ستەمە دووقاتەی بەسەر خەڵکی

کوردستانەوەیە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام لەسەر زەمینەی بزووتنەوەی گشتیی خەڵکی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی و خەباتی درێژخایەنی ژنانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە دژی ئەو ڕژیمە و زیاتر لە بیست ساڵ خەباتی وشیاریدەرانەی کۆمەڵە لە دژی نەریتی کۆنەپەرستانەی پێشێلکەری مافەکانی ژنان، ئامادەییەکی زیاتری بۆ خەبات و خۆڕێکخستن هەیە و، بێگومان شان بە شانی ژنانی ئێران دەوری خۆی لە خەباتی ڕزگارییەخشدا بەڕێوەدەبا. کۆمەڵە هەمیشە پێشەنگی خەبات بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و ، پشتیوانی خەباتی ئەو ژنانە بووە کە لە چنگ بێمافی و بیعەدالەتی لە شوێنی ژیانی خۆیان وەگیان هاتوون و لە بەرانبەریدا دەستیان داوەتە خەبات. کۆمەڵە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بە تایبەت لە هەل و مەرجی ئێستادا ڕێکخراوبوونی ژنان لە شوێنی ژیانی خۆیاندا گرنگییەکی زۆری هەیە. ژنانی پێشڕەو و پێشەنگ لە کوردستان پێویستە دەوری تایبەتی خۆیان لەم هەل و مەرجە دا بە باشی بناسن و یاریدەی جەماوەری ژنانی ڕەنجدیدەی کوردستان بدەن بۆ خۆڕێکخستن و پێکهێنانی گرووپی گەورە و چکۆلەی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و، لە ناو دڵی ئەو کەسانەدا کە لەوپەڕی بێدەرەتانی و بێ هیواییدا دەست دەدەنە خۆ کوشتن و خۆ سووتاندن، هیوا بە خەبات و ڕزگاربوون زیندوو بکەنەوە.

کۆمەڵە سڵاو دەنێرێ بۆ هەموو ژنانی تێکۆشەری ئێران و کوردستان و، جارێکی دیکە بە تەئکیدەوە ئیرادەی پتەوی خۆی بۆ ڕێکخستن و پشتیوانی کردن لە هەموو هەوڵێکی ژنانی ئێران و کوردستان بۆ ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕادەگەیەنێ و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ژنانی تێکۆشەر دەخوازێ.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٧ی مارسی ٢٠٠٣

١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨١